
کۆمەڵەی ئامادەیی و بەرگری نیشتمانی کۆچبەران

ژمارە ٦

ئەیلوولی ٢٠٢٦

گۆڤاری کانتاما





لە ناوەندی ئەڵماسەکەدا

تاکێک هەیە

ڕووداوەکان

لە وەرگری زانیاریەوە بۆ دابەشکەری زانیاری

ژنان بەشدارن

- ئامادەبوون ترس نییە هەستکردن بە ئاسایش دەهێنێت

سەرنوسەر

هەموو کەسێک دەتوانێت و هەموو کەسێکیش پێویستە خۆی ئامادە بکات.

ناوەڕۆکی گۆڤار

ژمارە ٦، ئەیلوولی ٢٠٢٦

پەیامی بەڕێوەبەری گشتی — 3
تۆ لە ناوەندی ئاسایشی گشتگیردایت

سەرنوسەر — 4
هەموو کەسێک دەتوانێت و هەموو کەسێکیش پێویستە خۆی ئامادە بکات

ڕوانگەی پسپۆڕ — 5
پۆلیس وەک ئەکتەرێکی ئەمنی گشتگیر لە فینلاند

ڕووداوەکان — 6–7
لە وەرگری زانیاریەوە بۆ دابەشکەری زانیاری

ژنان بەشدارن — 8
ئامادەبوون ترس نییە – هەستکردن بە ئاسایش دەهێنێت

ئاموژگاری بۆ ئامادەکاری — 9
تاریکی زیاد دەکات – ئامادەی؟

دەنگی گەنجان — 10
سەربازی بەشێکی بچووکی ژیانە، بەڵام لەو ماوەیەدا دەتوانیت زۆر شت فێر بیت

بابەتی ڕۆژ — 11
بۆچی شایەنی تەواوکردنی خزمەتی سەربازیە و دواتر لە ژیانی مەدەنی و کاردا چ سودێکی لە گەڵ خۆیدا دەهێنێت؟

فەرهەنگی ئاسایش — 12

خەڵک
کۆمەڵگە
ئاسایش

فینلاند پێکەوە بەهێزترە

لە ناوەندی ئەڵماسەکەدا تاکێک هەیە

تۆ لە ناوەندی ئاسایشی گشتگیردایت

لە ناوەندی ئەڵماسەکەدا مرۆڤ هەیە

کاتێک باس لە ئامادە کاری دە کەین، بۆ زۆر کەس یە کەم شت کە دێتە مێشک، جەنگە ئەمەش شتێکی ئاسایی و تێگەیشتووە، بە تایبەتی لەم سەردەمەی تێستادا. بەڵام ئامادە کاری و ئاسایشی گشتگیر واتایە کی زۆر فراوانتر لەوەیان هەی.

لە هەڵسەنگاندنی نیشتمانیی مەترسییەکانی فینلەندا، ٢١ جۆر مەترسی و دۆخی تێکچوونی گرنگ لە ئاستی نیشتمانیدا دیاری کراون. بەکارهێنانی هێزی سەربازی تەنها یەکێکە لەوان. کۆمەڵگەکەمان هەروەها خۆی بۆ دۆخەکانی وەک پچڕانی کارەبا و پەیوەندییەکان، ڕووداوە مەترسیدارەکان، دایاردە سروشتییەکان، پەتاکان و زۆر دۆخی دیکە ئامادە دەکات کە دەتوانن ژیانی ئاسایی ڕۆژانەمان تێک بدەن.

کاتێک بە وردی لەم بابەتە دەڕوانین، لە هەمان کاتدا ڕاستییەکی زۆر گرنگ سەبارەت بە فینلەندا دەردەکەوێت: ژیانی ڕۆژانەی پارێزراو و ئارام بە خۆڕایی دروست نابێت.

لە پشت ئەم ئاسایشەوە بڕێکی زۆر لە کار و هەوڵ هەیە کە دەوڵەت، دەسەڵاتدارەکان، شارەوانییەکان، کۆمپانیاکان، ڕێکخراوەکان و زۆر لایەنی دیکە هەموو ڕۆژێک ئەنجامی دەدەن. بەشێکی زۆری ئەم کارە لە ژیانی ئاسایی ڕۆژانەدا لەبەرچاومان نییە – و لەوانەیە هەر ئەمەش نیشانەی ئەوە بێت کە سیستەمەکە چەند باش کار دەکات. بەیانی کە لە خەو هەڵدەستین کارەبا کار دەکات، ئاو لە شیرەکەوە دێت، پەیوەندییەکان کار دەکەن، لە کاتی پێویستدا یارمەتی بەردەستە و خزمەتگوزارییە گرنگەکانی کۆمەڵگا بەردەوام دەبن.

ئاسایشی گشتگیر زۆرجار بە شێوەی ئەڵماس وێنا دەکرێت. بە بڕوای من، گرنگترین شت ئەوەیە سەیری ناوەڕاستی ئەو ئەڵماسە بکەین.

ئاسایشی گشتگیر زۆر جار وەکو ئەڵماسێک پێناسە دەکرێت. بە بڕوای من گرنگترین شت لێرەدا ئەوەیە کە سەیر بکەین بزانین لە ناوەندی دڵ/جەرگەی ئەڵماسەکەدا چی هەیە: لەوێ تاکەکان هەن، لەوێ تۆ هەی و لەوێ من هەم.



شاهۆ جاف
بەڕێوەبەری گشتی MVM ry

کۆمەڵگە دەتوانێت سیستەمی دروست بکات دەسەڵاتداران دەتوانن خۆیان ئامادە بکەن، و ڕێکخراوەکانیش دەتوانن ڕاهێنان پێشکەش بکەن، بەڵام کۆمەڵگەیەکی ئارام پێویستی بە کەسانێکیش هەیە کە توانای کرداریان هەبێت. پێویست ناکات هەر یەکێک لە ئێمە پسپۆری ئاسایش بێت؛

لەوێ تاک هەیە
لەوێ تۆیت، و منیش
کۆمەڵگا دەتوانێت سیستەم دروست بکات، دەسەڵاتدارەکان دەتوانن خۆیان ئامادە بکەن و ڕێکخراوەکان دەتوانن خەڵک فێر بکەن، بەڵام کۆمەڵگایەکی پارێزراو پێویستی بە مرۆڤی خاوەن توانای کردار و ئامادەش هەیە.
پێویست ناکات هەموومان پسپۆری بواری ئاسایش بین. ڕۆڵی هەر یەکێکمان دەتوانێت لە شتی زۆر بچووکەوە دەست پێ بکات. دەزانم لە کاتی پچڕانی کارەبادا چۆن هەڵسوکەوت بکەم دەتوانم ئاگاداری خۆم و نزیکەکانم بم. دەزانم زانیاریی متمانەپێکراو لە کوێوە وەربگرم. دەتوانم لە دۆخی تێکچوونداو بە ئارامی و دروستی هەڵسوکەوت بکەم. ئەگەر تواناکان و زانیارییەکانم ڕێگە بدەن، لەوانەیە بتوانم یارمەتی کەسێکی دیکەش بدەم.
ئەمە گرنگییەکی زۆری هەیە. هەرچی ژمارەی ئەو کەسانە زیاتر بێت کە دەتوانن ئاگاداری خۆیان و نزیکەکانیان بن، هێز و سەرچاوەی زیاتر بۆ دەسەڵاتدارەکان و خۆبەخشەکان دەمێنێتەوە تا یارمەتی ئەو کەسانە بدەن کە لە هەمووان زیاتر پێویستیان بە یارمەتی هەیە.
بۆیە دەمەوێت هەر یەکێک لە ئێمە هان بدەم کە هەر ئێستا شوێن و ڕۆڵی خۆی لە ئاسایشی گشتگیری فینلەندا بدۆزێتەوە – نەک ەنها ئەو کاتەی کە شتێک ڕوودەدات.
بە تایبەتی ئێمەی کە پاشخانێکی کۆچبەریمان هەیە، لەم بوارەدا ڕۆڵی گرنگی خۆمان هەیە. ئاستی زمانزانیمان دەتوانێت جیاواز بێت، پاشخان و شارەزاییەکانمان دەتوانن جیاواز بن. بەڵام ئاسایشی گشتگیر ناپرسێت مرۆڤ لە کوێ لەدایک بووە دەپرسێت چی دەزانین، چۆن هەڵسوکەوت دەکەین و ئایا لە کاتی پێویستدا دەتوانین ئاگاداری یەکتر بین.
ئامادەکاری بە مانای ترس لە داهاتوو نییە.
ئامادەکاری بریتییە لە زانیاری، شارەزایی، بەرپرسیارێتی و توانای کردا.
ئاسایشی فینلەندا تەنها بە کاری دەسەڵاتدارەکان دروست نابێت.
ئاسایشی فینلەندا بە هەموومان دروست دەبێت.

ئامادەیی ترس نییە لە داهاتوو؛ ئەوە زانیاری لێهاتووی، بەرپرسیارەتی و توانای کردارییە.

ئاسایشی فینلاند تەنها لەسەر کاری دەسەڵاتداران بنیاد نانرێت، ئەو لەسەر هەموومان بنیاد دەنرێت. لە ناوەندی ئەڵماسەکەدا مرۆڤ هەیە و هەر یەکێک لە ئێمە دەتوانێت ئەم ئەڵماسە بەهێزتر بکات.

ژیانی ڕۆژانەی ئارام خۆبەخۆ دروست نابێت.

هەموو کەسێک دەتوانێت و دەبێت خۆی ئامادە بکات.

هەموو کەسێک دەتوانێت و دەبێت خۆی ئامادە بکات

لە ماوەی چوار ساڵ و نیوی ڕابردوودا، دۆخی ئاسایشی فینلەندا و هەستی ئاسایشی خەڵک گۆڕانکارییان بەسەردا هاتووە. بەرگریی نیشتمانی هاوبەش و سەرچاوەی نوێی بەدەستهێناوە، چ لە ڕووی کەرەستە و چ لە ڕووی سەرچاوە داراییەکانەوە. بەپێی توێژینەوەکان، خەلکیش پشتگیریی خۆیان بۆ بەهێزکردنی بەرگریی نیشتمانی دەردەبڕن.

ئەم پەرەسەندنە کاریگەریی لەسەر چالاکیی دەسەڵاتدارانی دیکەی بواری ئاسایش و پەرەپێدانی ئامادەکاریش هەبووە. دەسەڵاتداران هەروەها لە گرنگیی هاوکاری، چ لە پلاندانان و چ لە ڕاهێنانی کرداری، تێگەیشتوون. چالاکییەکی باش پلاندانراو یارمەتی دەدات لە دۆخە ڕاستەقینەکاندا باشتر ماملە بکەین و لێیان دەرباز بین.

«ئامادەکاری، هاوکارییە.»

لە کانوونی دووەمی ٢٠٢٥، لە فینلەندا ستراتیژی ئاسایشی کۆمەڵگا ٢٠٢٥ وەک بڕیاری بنەمایی ئەنجومەنی دەوڵەت بڵاوکرایەوە. ئامانجی ستراتیژییەکە ئەوەیە، سەرەڕای جیاوازیی پاشخان و بارودۆخی تاکەکان، چوارچێوەیەکی هاوبەش بۆ هەمووان دابین بکات بۆ جێبەجێکردنی ئاسایشی گشتگیر.

دەتوانیت لە بواری پاراستنی "مەدەنی ڕاهێنان بکەیت"

لە ستراتیژی ئاسایشدا، شێوازی کارکردنی ئاسایشی گشتگیر باس کراوە؛ شێوازێک کە تێیدا چاودێری و پاراستنی کار و خزمەتگوزارییە بنەڕەتی و ژیانییەکانی کۆمەڵگا بە ،هاوکاریی دەسەڵاتداران، کەرتی بازرگانی و ئابووری ڕێکخراوەکان و هاوواڵتیان ئەنجام دەدرێت. ئاسایشی گشتگیر بنەمای خۆڕاگریی کۆمەڵگای فینلەندا لە بەرامبەر قەیرانەکان پێک دەهێنێت.

هەموو لایەنەکانی کۆمەڵگا بە هاوبەشی بەشداری لە پاراستنی کار و خزمەتگوزارییە ژیانییەکان دەکەن. نەرمونیانی و بەرپەوامیی هاوکاری لە نێوان بوار و ئاستە جیاوازەکانی کۆمەڵگادا، یەکێکە لە مەرجە بنەڕەتییەکانی بەهێزکردنی خۆڕاگری لە بەرامبەر قەیرانەکان

تاکەکان لە ئاسایشی گشتگیردا ڕۆڵی سەرەکییان» «هەیە

کۆمەڵگا ڕاهێنان دەکات و بەدوای ئەو بوارانەدا دەگەڕێت کە لاوازن یان پێویستیان بە پەرەپێدان هەیە

ئامادەکاری بە پرۆژە و هەنگاوی جۆراوجۆر پەرە پێدەدرێت؛ وەک پرۆژەی پێشنیاری ئامادەکاریی ٧٢ کاتژمێر کە دوو ساڵێک لەمەوبەر لەلایەن دەسەڵاتداران و ڕێکخراوەکانەوە بۆ مالّ و خێزانەکان جێبەجێ کرا. لەو پرۆژەیەدا ڕێنمایی وردو کرداری سەبارەت بە ئامادەکاری بە شێوەی نامیلکەیەک بڵاوکرایەوە.

"ئامادەکاری هاوکارییە"

دەتوانرێت بۆ پاراستنی دانیشتووان فێرکاری و ڕاهێنان وەربگیرێت.»

ئایا دەزانن کە فینلەندا لە بواری پاراستنی دانیشتووواندا یەکێکە لە پێشەنگانی ئەورووپا؟ لە فینلەندا ٥٠ ٥٠٠ پەناگەی دانیشتووان هەیە کە جێگای پاراستنی ٤.٨ ملیۆن کەسیان تێدایە.

لە شاری کووپیۆ، لە ڕۆژانی ٢–٣ی ئەیلوول، ڕاهێنانی پاراستنی دانیشتووانی Suojaan 2026 بەڕێوەچوو. لە ڕاهێنانەکەدا چۆنیەتی پاراستنی ژمارەیەکی زۆر لە دانیشتووان لە دۆخە جۆراوجۆرەکانی تێکچوون و بارودۆخی نائاسایی تاقیکرایەوە. دو هزار کەس بەشداریان تێدا کرد. ئامانج پەرەپێدانی هاوکاریی نێوان دەسەڵاتداران و لایەنە ناوچەییەکان و هەروەها بەهێزکردنی بەڕێوەبردن، وێنەی دۆخ و پەیوەندیکردن بوو لەو کاتانەدا کە کارکردنی ئاسایی کۆمەڵگا تێکچووە.

ئایا دەزانین پەناگەی دانیشتووان چییە و چۆن شوێنێکە؟ چۆن نیشانە کراوە؟ یان لە ناو پەناگەدا چۆن دەبێت هەلسوکەوت بکەین؟ بەدەستهێنانی ئەم زانیارییانە پێویستی بە بەردەوامی و هەوڵ هەیە و زۆرجار دەبێت لە چەندین سەرچاوەی جیاوازەوە بەدوایدا بگەڕێین.

لێرەدا ڕێکخراوە و چالاکانی خۆبەخش ڕۆڵێکی گرنگیان دەبێت. کۆمەڵەی ئامادەکاری و بەرگریی نیشتمانیی کۆچبەرانی فینلەندا (MVM ry) کۆمەڵە زانیارییەکی کرداری و ئاسانتێگەیشتووی ئامادە کردووە کە دەستپێکێکی باشە.

ئەم زانیارییانە لە مالپەڕی کۆمەڵەکەدا بەردەستن.



تاکەکان یاریزانی سەرەکین" "لە ئاسایشی گشتیدا

کۆمەڵگا پراکتیزە دەکات و بەدوای لاواز یان بوارەکانی گەشەکردندا دەگەڕێت.

ئامادەکاری لە ڕێگەی پرۆژەی جۆراوجۆرەوە پەرەی پێدەدرێت وەک پرۆژەی ڕاسپاردەی ئامادەکاری ٧٢ کاتژمێری کە یەک دوو ساڵ لەمەوبەر لەلایەن دەسەڵاتداران و ڕێکخراوەکانەوە دەستپێکرد، کە ئامانجی ماڵەکان بوو. پرۆژەکە ڕێنمایی وردی تایبەت بە ئامادەکاری لە شێوەی نامیلکەدا دابەشکرد.

پۆلیس وەک بەشدارێک لە ئاسایشی گشتگیری فینلەندا



پێشە کی: ئەر کی سەرە کیی پۆلیسی فینلەندا پاراستنی خەڵک و کۆمەڵگایە. پۆلیس کار بۆ پێشگیری لە تاوان و لێکۆڵینەوە لە تاوانە کان دە کات، هەروەها بەرپرسیارە لە پاراستنی ڕێک و پێکی و ئاسایشی گشتی و پاراستنی سیستەمی کۆمەڵگا.

لە ئەرکەکانی پۆلیسدا هەروەها کاروباری مۆڵەتپێدان کە لە یاسادا دیاری کراون، وەک دەرکردنی پاسپۆرت یان کارتی ناسنامە، جێ دەگرن. پۆلیس لە ڕووداوەکان، دۆخەکانی توندوتیژی و دۆخە نائاساییەکانی دیکەدا یارمەتی دەدات. لە دۆخی فریاکەوتنی خێرادا دەتوانرێت بە پەیوەندیکردن بە ژمارەی گشتیی فریاکەوتن ١١٢ پەیوەندی بە پۆلیسەوە بکرێت.

سامی کالیۆما
پشکنەری باڵای پۆلیس

کاری پۆلیس لەسەر بنەمای یاسایە.

پۆلیس مامەڵەی یەکسان لەگەڵ خەڵک دەکات و مافە بنەڕەتی و مافە مرۆییەکانی هەر تاکێک ڕێز دەگرێت. خزمەتگوزارییەکانی پۆلیس بۆ هەمووانن، بێ گوێدان بەوەی کە ڕەچەڵەک، ڕەگەزنامە، زمان یان ئایینی کەسەکە چییە. ئەگەر کەسێک ببێتە قوربانیی تاوان، دەتوانێت ڕووداوەکە بە پۆلیس ڕابگەیەنێت. لە کاتی پێویستدا دەتوانرێت داوای وەرگێڕ بکرێت بۆ یارمەتیدان لە کاروبارەکاندا. کاری پۆلیس لە ژیانی ڕۆژانەدا بە شێوەیەکی بەرچاو لە ڕێگەی چالاکیی پێشگیرانەشەوە دەردەکەوێت. پۆلیس لەگەڵ گەنجان دیدار دەکات، سەردانی قوتابخانەکان دەکات، ڕێنمایی کۆمەڵگا و گرووپە جیاوازەکان دەکات و ئەو دیاردانە چاودێری دەکات کە دەتوانن ئاستی ئاسایش لاواز بکەن. ئامانج ئەوەیە کێشەکان پێش ئەوەی ببنە تاوان یان تێکچوونێکی مەترسیدار، ڕێگرییان لێ بکرێت.

پۆلیس لە پواری ئاسایشی گشتگیری فینلەندا ڕۆلێکی گرنگی هەیە

ئاسایشی گشتی واتە دەسەڵاتداران، شارەوانییەکان کۆمپانیاکان، ڕێکخراوەکان و خەڵک پێکەوە کاربکەن. ئاسایشی ناوخۆ یەکێکە لە کارە هەرە گرنگەکان و بەرپرسیاریەتییەکی گەورە دەکەوێتە سەر شانی پۆلیس دانیشتووان و هاوڵاتیانیش دەتوانن پشتیوانی لە ئاسایش بکەن بە پەیرەوکردنی یاسا و ڕێنماییەکانی دەسەڵاتداران، هاوکاریکردنی کەسانی تر و هەوالدانی تاوان و مەترسییەکان. هەروەها زانیارییەکانی سەر ئینتەرنێت دەبێت بە ئاگادارییەوە بپشکنرێن؛ زانیاری هەڵە و ناڕاست بڵاو مەکەنەوە.

ئاسایشی گشتگیر واتە دەسەڵاتداران، شارەوانییەکان، کۆمپانیاکان، ڕێکخراوەکان و خەڵک پێکەوە کار بکەن، بۆ ئەوەی کۆمەڵگا لە کاتی قەیران و دۆخە نائاساییە جۆراوجۆرەکانیشدا پارێزراو بمێنێتەوە. شێوازی کارکردنی ئاسایشی گشتگیری فینلەندا بەشێکی گرنگە لە ئامادەکاری. لەم شێوازەدا کار و خزمەتگوزارییە ژیانییەکانی کۆمەڵگا دیاری کراون کە دەبێت لە هەموو دۆخێکدا بتوانرێت پارێزگاریان لێ بکرێت. یەکێک لەم کارە ژیانییانە ئاسایشی ناوخۆیی ـە، کە پۆلیس بەرپرسیارێتییەکی فراوانی لە پاراستنیدا هەیە.
دۆخە نائاساییە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگا، سەرچاوە و هۆکاری دروستبوونیان هەرچییەک بێت، زۆرجار لە بواری کاری پۆلیسدا بە شێوەی تێکچوونی ڕێک و پێکی و ئاسایشی گشتی دەردەکەون. دانیشتووانیش لە دلنیابوون لە ئاسایشی گشتگیردا ڕۆلێکی گرنگیان هەیە. هەر کەسێک دەتوانێت بە پابەندبوون بە یاساکان و ڕێنماییەکانی دەسەڵاتداران، یارمەتیدانی کەسانی دیکە و ڕاگەیاندنی تاوان و دۆخە مەترسیدارەکان بە دەسەڵاتداران، بەشداری لە پاراستنی ئاسایشدا بکات.
لە هەمان کاتدا گرنگە ئاگاداربین کە دەبێت بە وریاییەوە مامەڵە لەگەڵ ئەو زانیارییانە بکەین کە لە تۆڕی ئینتەرنێتدا بڵاو دەبنەوە و پەیام و زانیارییەکانی دەسەڵاتداران لە کەناڵە فەرمییەکانی خۆیانەوە پشتڕاست بکەینەوە. نابێت زانیاریی هەڵە بڵاو بکرێتەوە، چونکە دەتوانێت ترس زیاد بکات و کاری دەسەڵاتداران دژوارتر بکات.

دەتوانرێت متمانە بە پۆلیس بکرێت

متمانەی نێوان پۆلیس و دانیشتووان پشتگیری لە ئاسایشی هەموو کۆمەڵگا دەکات. دەتوانرێت پەیوەندی بە پۆلیسەوە بکرێت، داوای ڕێنمایی لێ بکرێت و پارەتیی لێ بخوازرێت.
فینلەندایەکی پارێزراو بە هاوکاری دروست دەبێت و بەوەی هەر کەسێک بتوانێت هەست بکات کە بەشێکە لەم کۆمەڵگایە
هەر یەکێک لە ئێمە دەتوانێت بە هەڵسوکەوت، کردار و هەڵبژاردنەکانی خۆی، هەموو ڕۆژێک بەشداری لە بەهێزکردنی ئاسایشی کۆمەڵگادا بکات



لە وەرگرتنی زانیارییەوە بەرەو بلاوکەرەوەی زانیاری

مانگی ئەیلوول بۆ MVM ry مانگێکی بە تایبەتی چالاک بووە. لە هەمان کاتدا هەم وەرگری زانیاری بووین و هەم زانیاریمان بە کەسانی دیکە گەیاندووە. تیمی ڕاهێنەرەکانمان بەشداری چەندین ڕاهێنانی ئاسایش و ئامادەکاری کردووە. لە هەمان کاتدا، لە ڕێگەی کۆبوونەوە زانیارییەکانمانەوە ئەو زانیارییانەمان بۆ کەسانی دیکە گواستووەتەوە.

بیرۆکەکە سادەیە. بۆ ئەوەی بتوانین زانیاری متمانەپێکراوی ئاسایش بە کەسانی دیکە بگەیەنین، دەبێت سەرەتا خۆمان فێر بین، ڕاهێنان بکەین و تواناکانی خۆمان پەرە پێ بدەین. لە مانگی ئەیلوولدا چەندین هەنگاوی گرنگمان بەم ئاراستەیەدا نا.

هەروەها سەلامەتی توانایەکی دەروونییە

زانیاری و لێهاتوویی لە چەندین :(Kotivara) خولی ئاسایشی ڕۆژانە . بواری جیاوازی ئاسایشدا بەهێزتر کران. بەشێک لە تیپەکەمان بەشداریان لە خولی ئاسایشی ڕۆژانەدا کرد کە بە هاوکاری یەکێتی ژنانی بەرگری نیشتمانی ڕێکخرابوو. لەم خولەدا فێری دیاریکردنی مەترسییەکانی ئاسایشی مال و دەوروبەر و ئامادەکاری کرداری بووین. ،بابەتەکان بانگهێشتکردنی هاوکاری، کوژاندنەوەی سەرەتایی ئاگر فریاگوزاری سەرەتایی، ئامرازەکانی ئامادەکاری مال بۆ قەیرانەکان بنەماکانی ئاسایشی سایبەری و ئامادەکاری بۆ دۆخە .(Kotivara) جیاوازەکانی نائاساییان لەخۆدەگرت. بابەتەکە تەنها ڕوونکردنەوە و قسەکردن نەبوو، لە هەمان کاتدا ڕاهێنانی کرداریش ئەنجامدارا. ڕاهێنانی کرداری دەبێتە هۆی ئەوەی زۆر شت بێتە بەرچاو، چونکە زانیاری تەنها کاتێک دەبێتە شارەزایی و لێهاتوویی کە خۆت بتوانیت جێبەجێی بکەیت.

شارەزایی پاراستنی مەدەنی هەنگاو بە هەنگاو پێشدەکەوێت

شارەزایی بەرگری شارستانی هەنگاو بە هەنگاو پێشدەکەوێت. لە ڕاهێنانی بەرگری شارستانیدا هەنگاوی نوێمان نا: لە تیپەکەماندا ئێستا هەیە، ئەندامێک بووەتە (VSS) یەکەم ڕاهێنەری بەرگری شارستانی و بەشێکیشیان یەکەم خولی پێشکەوتووی VSS، یاریدەدەری ڕاهێنەری بەرگری شارستانییان تەواو کردووە. ئامانجمان ئەوەیە زۆربەی ئەندامانی تیپەکەمان بەپێی بەرنامەی خۆیان لە ڕێگەی ڕاهێنەرایەتیدا بەرەو پێش بچن.

ئامادەیی بۆ کارکردن وەک ڕاهێنەر

یان تەواو کردووە. ئەم ڕاهێنانەMPK ی K1 ڕاهێنانی ڕاهێنەری MVM ry ئەندامانی تیمی ڕاهێنەرانی دەدات و بنەمایەک دروست دەکات بۆ MPK ئامادەیی و توانای کارکردن لە ئەرکەکانی ڕاهێنەریی ئەوەی لە داهاتوودا بتوانین بە شێوەیەکی چالاکتر لە جێبەجێکردنی ڕاهێنانەکانیشدا بەشدار بین لە هەمان کاتدا، شارەزایی و تواناکانمان لە چەندین بواری جیاوازی ئاسایشدا بەهێز کراونەتەوە کرد، کە بە هاوکاری MPK بەشێک لە تیمەکەمان بەشداری کۆرسی «ئاسایشی ژیانی ڕۆژانە»ی ڕێکخرابوو Maanpuolustusnaisten Liitto

لە کۆرسەکەدا فێری ئەوە بووین کە چۆن مەترسییەکانی ئاسایش لە ماڵ و دەوروبەری نزیکماندا بناسینەوە و بە شێوەی کرداری خۆمان بۆیان ئامادە بکەین. بابەتەکان بریتی بوون لە بانگکردنی یارمەتی، کوژاندنەوەی سەرەتایی ئاگر، فریاکەوتنی سەرەتایی، پاشەکەوتی ماڵەوە، بنەماکانی ئاسایشی سایبەری و ئامادەبوون بۆ دۆخە جۆراوجۆرەکانی تێکچوون.

مەبەست تەنها وانە و گوێگرتن نەبوو، بەڵکو تواناکان بە کرداریش ڕاهێنانیان لەسەر کرا. هەر ئەم ڕاهێنانە کردارییەیە کە زۆر شت دەکاتە شتێکی ڕوون و واقعی: زانیاری تەنها ئەو کاتە دەبێتە توانایی کە خۆت بتوانیت بەکاری بهێنیت.


سەلامەتی ڕۆژانە لەگەڵ لێهاتوویی پراکتیکی

بەشێک لە تیپەکەمان بەشداریان لە خولی ئاسایشی ڕۆژانەدا کرد کە بە هاوکاری یەکێتی ژنانی بەرگری نیشتمانی ڕێکخرابوو. لەم خولەدا فێری دیاریکردنی مەترسییەکانی ئاسایشی مال و دەوروبەر و ئامادەکاری کرداری بووین. بابەتەکان بانگهێشتکردنی هاوکاری، کوژاندنەوەی سەرەتایی ئاگر، فریاگوزاری سەرەتایی، ئامرازەکانی ئامادەکاری مال بۆ قەیرانەکان (Kotivara)، بنەماکانی ئاسایشی سایبەری و ئامادەکاری بۆ دۆخە جیاوازەکانی نائاساییان لەخۆدەگرت. بابەتەکە تەنها ڕوونکردنەوە و قسەکردن نەبوو، لە هەمان کاتدا ڕاهێنانی کرداریش ئەنجامدارا. ڕاهێنانی کرداری دەبێتە هۆی ئەوەی زۆر شت بێتە بەرچاو، چونکە زانیاری تەنها کاتێک دەبێتە شارەزایی و لێهاتوویی کە خۆت بتوانیت جێبەجێی بکەیت.

سەرەتا فێر دەبین
پاشان مەشق دەکەین
وە ئێمە زانستەکە دەگوازینەوە

زانیاری فێربوو دەگوازرێتەوە

بەڵام لە مانگی ئەیلوولدا تەنها خۆمان فێر نەبووین.







3. syyskuuta

کۆبوونەوەی زانیاری بۆ هاوڵاتیانی عەرەبی

کۆبوونەوەیەکی زانیاریمان بۆ گرووپێکی Espoo لە ٣ی ئەیلوول لە عەرەبیزمان ڕێکخست. لە کۆبوونەوەکەدا، لە نێوان بابەتەکاندا، باس لە ئاسایشی گشتگیر، بانگهێشتی سەربازی، خزمەتی سەربازی، هەڵبژاردەکانی خزمەت و ڕێگا جۆراوجۆرەکانی بەشداریکردن لە بنیاتنانی ئاسایشی کۆمەڵگای فینلەندا کرا.

دیدی ئاسایشی گشتگیر لە کۆبوونەوەکەدا بە تایبەتی گرنگ بوو. لە فینلەندا تەنها هێزەکانی بەرگری یان دەسەڵاتدارانی دیکە ئاسایش دروست ناکەن. کۆمپانیاکان، ڕێکخراوەکان، کۆمەڵگەکان و خەڵکی ئاساییش بەشدارن. هەر کەسێک دەتوانێت بە پێی بارودۆخ و تواناکانی خۆی ڕێگایەک بۆ بەشداریکردن بدۆزێتەوە.





6. syyskuuta

کۆبوونەوەی گەنجانی ڕووسی

٦ی ئەیلوولیش کۆبوونەوەیەکمان بۆ گەنجانی ڕووسیزمان ڕێکخست. لە گفتوگۆکاندا بە تایبەتی بابەتەکانی بانگهێشتی سەربازی، خزمەتی سەربازی، خۆبەخشی و دەرفەتەکانی گەنجان بۆ دۆزینەوەی شوێنی خۆیان لە بواری بەرگریی نیشتمانی و ئاسایشدا هاتنە پێشەوە.

لە هەردوو کۆبوونەوەکەدا، دەرفەتی پرسیارکردنیش گرنگ بوو. سیستەمی ئاسایش و بەرگریی نیشتمانیی فینلەندا دەتوانێت ئاڵۆز دیار بێت، ئەگەر کەسێک پێشتر لەگەڵیدا ئاشنا نەبووبێت. دەرفەتی گفتوگۆکردن لەسەر ئەم بابەتانە بە زمانی دایکی، ئاسانتر دەکات کە کەس زانیاری بەدەست بهێنێت و بەشدار بێت.

ڕاهێنانی پاراستنی مەدەنی





VSS

خولی ڕاهێنانی (MPK) K1



خولی سەلامەتی ڕۆژانە (MPK)



(Tampere) بڵاوکردنەوەی زانیاری لە تامپێرێ

زانیاری ئاسایش لە ئینتەرنێتدا

گەیاندنی زانیاری لە مانگی ئۆکتۆبەریش بەردەوام دەبێت. ڕۆژی شەممە ٢٤ی ئۆکتۆبەر لە نزیکی کڵێسای Tampere، لە Liisankallio کاتژمێر ١٠–١٤، لە پەناگەی دانیشتووانی Liisankatu 2، لە ماوەی ڕۆژەکەدا، خەڵک Kaleva، بە ناونیشانی دەرفەتی ئەوەیان دەبێت لە نزیکەوە لەگەڵ پەناگەی دانیشتووان ئاشنا ببن و زانیاری لەسەر پاراستنی دانیشتووان و ئامادەکاریی ٧٢ کاتژمێر بەدەست بهێنن.

یان دەوروبەری بیت، وەرە سەردانمان بکە، لە نزیکەوە لەگەڵ پەناگەیTampere ئەگەر لە دانیشتووان ئاشنا بە و شتێکی نوێ سەبارەت بە ئامادەکاری فێر بە. لە هەمان کاتدا دەتوانیت لەبارەی ئەو بابەتانەوە پرسیار بکەیت کە لەوانەیە پێشتر بۆت ناڕوون بووبن.

مانگی ئەیلوول بە باشی نیشانی دا کە بۆ ئێمە، گواستنەوە لە وەرگرتنی زانیارییەوە بۆ گەیاندنی زانیاری واتای چیی.

سەرەتا خۆمان فێر دەبین. پاشان ڕاهێنان دەکەین. کاتێک تواناکانمان بەهێزتر دەبن زانیارییەکان .دەگەیەنینەوە بۆ خەڵکی نوێ، کۆمەڵگەی نوێ و بە هێواشی بە زمانە جیاوازەکان.

هەموو کەسێک ناتوانێت بەشداری ڕاهێنان یان کۆبوونەوە زانیارییەکان بکات. بۆیە دەستمان کردووە بە کۆکردنەوەی زانیاریی پەیوەندیدار بە ئاسایش، ئامادەکاری و پاراستنی دانیشتووان لە ماڵپەڕەکەماندا، تا لە کاتی پێویستدا بتوانرێت بگەڕێنەوە بۆیان.

وەک یەکەم هەنگاو، ڕێنماییەکانی پەناگەی دانیشتووانمان بە چەندین زمان بڵاوکردەوە. مەبەست ئەوەیە بەردەوام بین لە دروستکردنی ئەم کۆمەڵە زانیارییە و بە هێواشی زانیاریی کرداریی دیکە سەبارەت بە ئاسایش و ئامادەکاری زیاد بکەین.

بۆ ئێمە، پەیوەندیکردنی فرەزمانە سەبارەت بە ئاسایش تەنها وەرگێڕانی وشەکان لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی دیکە نییە. ئامانج ئەوەیە کە مرۆڤ زانیارییەکە تێبگات و بزانێت چۆن دەتوانێت لە ژیانی خۆیدا بەکاری بهێنێت.

مانگی ئەیلول بە باشی نیشانی داین که گواستەوە لە وەر گری زانیاریەوە بۆ دابەشکەری زانیاری بۆ ئێمە چییە.

سەرەتا خۆمان فێر دەبین. پاشان ڕاهێنان دەکەین. کاتێک تواناکانمان بەهێزتر دەبن، زانیارییەکان دەگەیەنینەوە - بۆ خەڵکی نوێ، کۆمەڵگەی نوێ و بە هێواشی بە زمانە جیاوازەکان.

ئامادەکاری بە مانای ترسان نییە بەڵکو هەستی ئاسایش دەبەخشێت.



شارەزایی لە بواری ئاسایشدا، هەم لە ژیانی کاری و هەم لە ژیانی ڕۆژانەدا سوودی هەیە. بۆ ئەندامێکی *MVM ry* کە لە بواری پەروەردە و چاودێریی منداڵانی تەمەنی پێش قوتابخانە کار دەکات، پێشبینی، بەڕێوەبردنی مەترسییەکان و توانای کارکردن لە دۆخە جۆراوجۆرەکاندا بەشێکن لە کاری ڕۆژانەی. لەم ژمارەیەدا باس لەوە دەکات کە بۆچی بە چالاکییەکانی *MVM ry* پەیوەست بووە و بۆچی ئامادەکاری بۆ ئەوە، پێش هەموو شتێک، هەستی ئاسایش دەبەخشێت.

Natalia Pienimaa

من هاووڵاتییەکی فینلەندام و پاشخانێکی کۆچبەریم هەیە. زیاتر لە ۳۰ ساڵە لە فینلەندا دەژیم، واتە بەشی هەرە زۆری ژیانم لێرە بەسەر بردووە. فینلەندا ماڵی منە. خێزانم، منداڵەکانم و نەوەکانیم لێرەن و بەهێزی هەست دەکەم کە بەشێکم لەم کۆمەڵگایە.

دەمەوێت ئەندامێکی چالاکی کۆمەڵگا بم و بە پشکی خۆم کاریگەری لەسەر ئەوە هەبێت کە فینلەندا بۆ هەموومان شوێنێکی هەرچی پارێزراوتر و یەکگرتووتر بێت.

بە پیشە، سۆسیۆنۆمی بواری پەروەردە و چاودێریی منداڵانی تەمەنی پێش قوتابخانەم و لە باخچەی ساوایان کار دەکەم. لە کارەکەمدا ئاسایش، ڕەچاوکردنی کەسانی دیکە و خەمخۆری بۆ ئەوان بەشێکی گرنگن لە ناسنامەی پیشەییم. لە پەروەردە و چاودێریی منداڵانی تەمەنی پێش قوتابخانەدا، ژینگەیەکی پارێزراو، پێشبینی و توانای کارکردن لە دۆخە جۆراوجۆرەکاندا بەشێکن لە کاری ڕۆژانە. دەمەوێت بە پشکی خۆم هەستی ئاسایشی منداڵان، خێزانەکان و کۆمەڵی کار بەهێزتر بکەم.

دۆخی نائارامی ئێستای جیهان خواستی منی بۆ فێربوونی زیاتر سەبارەت بە ئاسایش، ئامادەکاری و خۆڕاگریی کۆمەڵگا لە بەرامبەر قەیرانەکاندا بەهێزتر کردووە. دەمەوێت باشتر تێبگەم کە خۆم چی دەتوانم بکەم و چۆن دەتوانم لە دۆخە جۆراوجۆرەکانی تێکچوون و قەیراندا هەڵسوکەوت بکەم.

دەتوانم زانیاری و تواناکانم پەرە پێ بدەم MVM ry لە ڕێگەی کە هەم لە ژیانی کاری و هەم لە ژیانی ڕۆژانەمدا سوودیان هەیە. بۆ من ئامادەکاری بە مانای ترسان نییە. بە پێچەوانەوە، زانیاری پێشبینی و ئامادەبوون هەستی ئاسایش دەبەخشن. کاتێک کەس بزانێت لە دۆخە جۆراوجۆرەکاندا چۆن هەڵسوکەوت بکات، دەتوانێت بە ئارامی و بە پلاندانانێکی باشتر ماملە لەگەڵ ئەو دۆخانە بکات.

Maahanmuuttajien Varautumis- ja Maanpuolustusyhdistys ry بوومە ئەندامی و بە تیمی ڕاهێنەرەکانیش پەیوەست بووم، چونکە دەمەوێت فێر بم، بەشدار بم و سوودبەخش بم. هەروەها بە گرنگی دەزانم کە خەڵکی خاوەن پاشخانی کۆچبەری بە شێوەیەکی چالاک بەشداری لە بنیاتنانی ئاسایش و یەکگرتوویی کۆمەڵگای فینلەندا بکەن.

کەسانی دیکەش هان دەدەم کە بەشدار بن. لە ڕێگەی کۆمەڵەکەوە دەتوانرێت زانیاریی نوێ و بەڕۆژ سەبارەت بە چالاکییەکان، ڕاهێنانەکان و هاوبەشەکانی هاوکاری بەدەست بهێنرێت. لە هەمان کاتدا دەتوانرێت شتی نوێ فێر بکرێت لەگەڵ خەڵکی نوێ ئاشنا بکرێت و هەر کەسێک ڕێگای گونجاوی خۆی بۆ بەشداریکردن بدۆزێتەوە.

باوەڕم وایە هەر یەکێک لە ئێمە دەتوانێت شتێک بۆ ئاسایشی هاوبەشمان بکات. کاتێک تواناکانی خۆمان بەهێز دەکەین و یارمەتی یەکتر دەدەین، لە هەمان کاتدا کۆمەڵگایەکی پارێزراوتریش دروست دەکەین.

کەسانی دیکەش هان دەدەم کە بەشدار بن. لە ڕێگەی کۆمەڵەکەوە دەتوانرێت زانیاریی نوێ و بەڕۆژ سەبارەت بە چالاکییەکان، ڕاهێنانەکان و هاوبەشەکانی هاوکاری بەدەست بهێنرێت. لە هەمان کاتدا دەتوانرێت شتی نوێ فێر بکرێت، لەگەڵ خەڵکی نوێ ئاشنا بکرێت و هەر کەسێک ڕێگای گونجاوی خۆی بۆ بەشداریکردن بدۆزێتەوە.

تاریکی زیاتر دەبێت – ئایا ئامادەیت؟



لە گەڵ هاتنی پایز، ڕۆژەکان کورتتر دەبنەوە و کاتی تاریکی زیاتر دەبێت. تاریکی کاریگەری لەسەر ئاسایشی ژیانی ڕۆژانەمان هەیە، چ لە ماڵەوە و چ لە دەرەوە. تەنانەت پچڕانێکی ئاسایی کارەبا، ئەگەر لە ئێوارە یان شەوێکی تاریکدا ڕووبدات، دۆخە کە زۆر جیاواز دەبێت. بۆیە ئێستا کاتێکی باشە بۆ پشکنینی چەند شتێکی بچووک، بەڵام گرنگ.

بە پاسکیلیش دیار بە



دیاربوونت لەبیر نەکە. لە تاریکیدا دەبێت پاسکیل لە پێشەوە چرایەکی سپی یان زەردی کاڵ و لە دواوە چرایەکی سووری هەبێت. ڕەنگدەرەوەکانی پاسکیلەکەش بپشکنە. تەنانەت ئەگەر لە شەقامێکی ڕووناکدا پاسکیل لێدەدەیت، وا مەزانە کە شۆفێر حەتمەن تۆ دەبینێت. تاریکی، باران و ڕووناکی ئۆتۆمبێلەکانی بەرامبەر دەتوانن بینینی تۆ دژوار بکەن.

لە دەرەوە وا بکە بە ئاسانی ببینرێیت



ڕەنگدەرەوە یارمەتی شۆفێر دەدات کە پیادەڕەو زۆر زووتر ببینێت. پێشنیار دەکرێت لانیکەم دوو ڕەنگدەرەوە بەکاربهێنیت، بۆ نموونە لە ئاراستە جیاوازەکانەوە ببینرێیت. باشترە ڕەنگدەرەوەی هەلواسراو لە نزیکی بەرزیی ئەژنۆ بەسترێت، بە شێوەیەک کە بتوانێت بە ئازادی بجوولێتەوە. بە تایبەتی گرنگە ڕەنگدەرەوەکە لە لای شەقامەوە ببینرێت. دەتوانیت ڕەنگدەرەوە لە هەردوو بازوو یان لاقەکانیش بەکاربهێنیت.

دەزانیت چرای دەستیت لە کوێیە؟



باشە چرای دەستی یان چرای سەر لە شوێنێک دابنرێت کە تەنانەت لە تاریکیی تەواودا بە ئاسانی بتوانیت بیدۆزیتەوە. لە هەمان کاتدا باتریەکان بپشکنە و پاوەربانکێکی پڕشەحن لەبەردەستتدا هەبێت.

ئاژەڵی ماڵییەکەتیش دەبێت ببینرێت



کاتێک لە تاریکیدا لەگەڵ سەگەکەت دەچیتە دەرەوە، باشە سەگەکەتیش ڕەنگدەرەوەی هەبێت؛ وەک جلوبەرگی ڕەنگدەرەوە ملیوانکەی ڕەنگدەرەوە یان چرایەکی بچووک. بەم شێوەیە شۆفێران، پاسکیلسواران و کەسانی دیکەی ڕێگا دەتوانن هەم تۆ و هەم سەگەکەت بە کاتی خۆی ببینن. بە تایبەتی سەگی ڕەنگتاریک لە تاریکیدا دەتوانێت زۆر بە زەحمەت ببینرێت.

پچڕانی کارەبا دەتوانێت هەر کاتێک ڕووبدات، بەڵام لەو وەرزەی کە تاریکی زیاترە، ئامادەکاریی باشی پێشوەختە دۆخەکە زۆر ئاسانتر دەکات.

لە بەکارهێنانی مۆمدا زۆر وریابە



لە پاییزدا مۆم زیاتر بەکاردەهێنرێت، هەم بۆ دروستکردنی کەشێکی خۆش و هەم بۆ ڕووناکی. هەرگیز مۆمی داگیرساو بێ چاودێری بەجێمەهێڵە. مۆمەکە لەسەر شوێنێکی جێگیر و نەسووتاو دابنێ و بە دووری لە پەردە، کەلوپەلی ڕازاندنەوە، کاغەز و شتە ئاسانسووتاوەکانی دیکە بیگرە. ئاگاداری منداڵان و ئاژەڵە ماڵییەکانیش بە. هەمیشە کاتێک لە ژوورەکە دەچیتە دەرەوە یان دەچیتە خەو مۆمەکان بکوژێنەوە.

پشکنینێکی بچووک ئەمڕۆ دەتوانێت ئێوارەیەکی تاریک زۆر پارێزراوتر بکات.

سەربازی تەنها بەشێکی بچووکە لە ژیان، بەڵام لەو ماوەیەدا دەتوانیت زۆر شت فێر بیت.

ئاشنا بووین. ئەمجارە نۆرەی Najma لە ژمارەی پێشوودا، لە بەشی «ژنانیش بەشدارن» لەگەڵ Vekaranjärvi کە لە ئێستادا خزمەتی سەربازیی خۆی لە Mohamud Ali Abdi، براکەیەتی، باس لەوە دەکات کە خزمەتی سەربازی تا ئێستا چی پێ بەخشیوە Mohamud. ئەنجام دەدات چۆن یەکسانی لە سوپادا هەست پێ کردووە و چی دەیەوێت بەو گەنجانە بڵێت کە خۆیان بۆ خزمەتی سەربازی ئامادە دەکەن.

خۆت داوات بۆ ڕاهێنانی سەرکردایەتی نەکرد. ئێستا چی لەبارەیەوە بیر دەکەیتەوە؟

خۆم خزمەتی شەش مانگم هەڵبژارد، چونکە پلانی دیکەشم هەیە. لەو کاتەدا لەوانەیە بیرم لەوە نەکردبێتەوە کە ڕاهێنانی سەرکردایەتی چەند دەتوانێت شت بە مرۆڤ ببەخشێت.
بۆ نموونە، سەربازێکی پلەدارم بینیوە کە پاشخانی سۆمالی هەیە و کەسێکی زۆر ڕێک‌وپێک و نموونەییە. کاتێک سەیری دەکەیت، تێدەگەیت کە ڕاهێنانی سەرکردایەتی بەڕاستی دەتوانێت مرۆڤ زۆر پەرە پێ بدات. ئەگەر پلانەکانی خۆت ڕێگە بدەن، پێشنیار دەکەم داوای بەشداریکردن بکەیت. لەوێ دەتوانیت زۆر توانایی و شارەزایی بەدەست بهێنیت کە لە داهاتووشدا سوودت پێ دەگەیەنێت.

بە گەنجێک کە دەچێتە بانگهێشتی سەربازی یان خزمەتی سەربازی دەست پێ دەکات، چی دەڵێیت؟

بە هەستێکی باش و بە ورە و ئارەزووەوە بچن. سەربازی تەنها بەشێکی بچووکە لە ژیان، بەڵام لەو ماوەیەدا دەتوانرێت زۆر شت فێر بکرێت. لەوێ دەرفەتت هەیە شتی نوێ تاقی بکەیتەوە، خۆت بەرەنگاری ئاستەنگ بکەیت و لایەنی نوێ لە خۆت بدۆزیتەوە.

باشترین بەشی خزمەت تا ئێستا چی بووە؟

باشترین شت هاوڕێ و کەسانی نوێن. لە سەربازیدا هەروەها دەرفەتت دەبێت شتانێک تاقی بکەیتەوە کە لە ژیانی ئاسایی مەدەنی دا دەرفەتی ئەنجامدانیان نابێت. ڕاهێنانم لەسەر بەکارهێنانی چەک کردووە و بەم زووانە ڕاهێنان بە تۆپەکانیش دەکەین. فێربوونی ئەوەی کە لە دۆخە جۆراوجۆرەکاندا چۆن کار دەکرێت، جێی سەرنجە.

ئەگەر ڕۆژێک پێویست بێت بەرگری لە فینلەندا بکرێت چی؟

فینلەندا دەرفەتی زۆری پێ بەخشیوم، بۆ نموونە دەرفەتی خوێندن و بنیاتنانی ژیان لێرە. ئەگەر پێویست بێت بەرگری لە فینلەندا بکرێت منیش بەرگریی لێ دەکەم.
لە سەربازیدا فێرم دەکەن چۆن ئەمە بکەم و وەک سەربازی تۆپخانە ئەرکی خۆشم فێر دەبم. بۆ من، بەرگریکردن لە فینلەندا ئەرک و بەرپرسیارێتییە.

لە ئێستادا لە کوێ خزمەت دەکەیت؟

مەحمود عەلی عەبدی لە (فێکانیاریی) خزمەتی سەربازی دەکات و وەکو تۆپچی کاردەکات. ئەو لە مانگی تەموزدا دەستی بە خزمەتکردن کردووە و ماوەی خزمەتەکەی شەش مانگە.

سەربازی چی پێ بەخشیویت؟

سەربازی بەرپرسیارێتی، خۆڕاگری و ڕێک‌وپێکی فێر کردووم. ئەزموونی نوێم بەدەستهێناوە و توانیومە خۆم لە شێوازگەلێکدا تاقی بکەمەوە کە پێشتر نەمدەزانی توانای ئەنجامدانیانم هەیە. خزمەتەکە هەروەها وای کردووە لە سنووری ئاسوودەیی خۆم بێمە دەرەوە.

یەکسانی لە سوپادا چۆن هەست پێ دەکەیت؟

هیچ جۆرە هەڵاواردن یان مامەڵەی ناپەکسانم نەبینیوە. مامەڵە لەگەڵ هەموومان بە یەک شێوە دەکرێت و بەهۆی پاشخانەکەمەوە مامەڵەی جیاواز لەگەڵ من نەکراوە.



Mohamud Ali Abdi

ئاسایش خوشک و برا بە یەکەوە دەبەستێتەوە

Najma، خوشکی Mohamud، لە ژمارەی پێشووی Kantama لە بەشی «ژنانیش بەشدارن» ناسێنرا. Mohamud دەڵێت شانازی بە خوشکەکەی و بەو ڕاهێنانانەوە دەکات کە لە چالاکییەکانی MVM ryدا بەشداریان دەکات. چیرۆکی ئەم خوشک و برایە هەروەها گرنگیی کەسانی نزیکمان بیر دەخاتەوە. نموونە و هەڵوێستی خێزان دەتوانێت کاریگەری لەسەر ئەوە هەبێت کە گەنجێک چۆن شوێنی خۆی لە کۆمەڵگای فینلەندا و وەک بەشێک لە ئاسایشی هاوبەشمان دەبینێت.

بۆچی باشە خزمەتی سەربازی ئەنجام بدرێت و دواتر لە ژیانی مەدەنی و کاری دا چی سوودێکی هەیە؟

خزمەتی سەربازییەکی باش ئەنجامدراو لە زۆر ڕووەوە سوودبەخشە، هەرچەندە لە پێشەوە هەموو سوودەکانی بۆ مرۆڤ ڕوون نەبن. هێزەکانی بەرگری یەکێکن لەو دامەزراوانەی فینلەندا کە زۆرترین ڕێز و متمانەیان پێ دەکرێت. تەنانەت ٨٦٪ی هاووڵاتیان متمانەیان پێی هەیە.

زۆرجار لە ئەزموونەکانی خودی گەنجانیشدا باس لە سوودەکانی خزمەتی سەربازی دەکرێت. لە چاوپێکەوتنەکاندا بابەتگەلێک وەک متمانە بە خۆ، بەرپرسیارێتی، دۆستایەتیی نوێ، توانای کارکردن بە گرووپ و گرنگیی ڕاهێنانی سەرکردایەتی بەردەوام دووبارە دەبنەوە.
یاوەری لە *Jyri Vilamo*، بەڕێوەبەری پڕۆژەکە لە *Suomen Reserviupseeriliitto* و سەرۆکی ئەنجومەنی *(majuri res.)* هێزی یەدەگ، لەو دیدی پسپۆڕێکەوە بە وردی زیاتر باس لەم بابەتە دەکات.

خزمەتی سەربازی بۆ پیاوانی فینلەندا ئەرکێکی هاووڵاتیبوونە کە یاسا دیاری کردووە، بۆ ژنانیش خۆبەخشانەیە. بەڵام هەر هاووڵاتییەکی فینلەندا بەپێی دەستووری بنەڕەتی ئەرکی بەرگری لە نیشتمانی لەسەرە. لە دۆخی قەیراندا پێویستمان بە هەمووانە و هەر کەسێک دەتوانێت بەرپرسیارێتیی خۆی بۆ ئاسایشی کۆمەڵگا هەڵبگرێت، جا خزمەتی سەربازیی کردبێت یان نەیکردبێت.
خزمەتی مەدەنی لە تەنیشت خزمەتی سەربازیدا هەڵبژاردەیەکی دیکەیە. هەروەها دەتوانرێت بە شێوەی خۆبەخشانە لە زۆر بوار و بەشی جیاوازی کۆمەڵگادا ئەرک و چالاکیی پەیوەندیدار بە ئامادەکاری ئەنجام بدرێت.
لە خوارەوە چەند نموونەیەک لەو سوودانە هاتوون کە خزمەتی سەربازی پێشکەشیان دەکات. لە ماوەی دەیان ساڵدا، ملیۆنان فینلەندی خۆیان ئەم سوودانەیان ئەزموون کردووە.

سەرکردایەتی و تواناکانی سەرپەرشتیاری

تواناکانی سەرپەرشتیاری: ڕاهێنانی فێرت (RUK یان AUK) سەرکردایەتی دەکات چۆن ڕەخنە و هەڵسەنگاندن بدەیت و وەربیگریت، چۆن چالاکییەکان پلان بۆ دابنێیت، خەڵک بەڕێوە ببەیت، کاتت پلان بۆ دابنێیت و لە دۆخە .سەختەکاندا بڕیار بدەیت بەرپرسیارێتی: بەرپرسیاربوون لە کاری کەسانی دیکە توانای مرۆڤ بۆ کارکردن لە ئەرکە سەخت و پۆستەکانی سەرکردایەتیدا پەرە پێ دەدات، لە ژیانی .مەدەنیشدا

کارکردن بە گرووپ و پەیوەندییەکان

توانای هاوکاری: لە ماوەی خزمەتدا فێر دەبیت لەگەڵ کەسانی جیاواز بۆ گەیشتن بە ئامانجێکی هاوبەش کار بکەیت.
دروستکردنی پەیوەندی: لە ماوەی خزمەتدا لەگەڵ خەڵکی ناوچە جیاوازەکانی فینلەندا ئاشنا دەبیت. ئەم ئاشنایەتییانە دەتوانن ببنە دۆستایەتیی درێژخایەن و هەروەها پەیوەندیی بەسوود بۆ ژیانی کاری
بە تایبەتی باشە داوا بۆ ڕاهێنانی سەرکردایەتی بکرێت. هێزەکانی بەرگری گەورەترین دامەزراوەی ڕاهێنانی سەرکردایەتی لە فینلەندان و ڕاهێنانی سەرکردایەتیی ئەم دامەزراوەیە لە ژیانی کاریشدا بە فراوانی بە نرخ و گرنگ دادەنرێت. زۆرێک لە سەرپەرشتیاران و بەڕێوەبەرانی ئەمڕۆ یان ئەفسەری یەدەگ (AUK) ڕاهێنانی سەرکردەی پلەدار یان تەواو کردووە(RUK).

تواناکانی کەسی

توانای بەرگەگرتن لە فشار: توانای بەرگەگرتن لە ستریس پەرە دەسەنێت، کاتێک دۆخە سەختەکان لە ژێر فشار و سنووری کاتدا چارەسەر دەکرێن.
بەڕێوەبردنی کات: پابەندبوون بە کات و ڕێکخستنی ئەرکەکانی خۆت باشتر دەبێت.
بەردەوامی و خۆڕاگری: کارکردنی بەردەوام و ئامانجدار یارمەتیت دەدات، تەنانەت لە کاتی ،ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ئاستەنگەکانیشدا ئەرکەکانت تا کۆتایی ئەنجام بدەیت.

بەرپرسیارێ سەرکردایەتیدا لە یت هەڵگرتن: ینتر توانایکارکردن لە ئەرکە ئاڵۆزەکان و ئەرکەکاین بەرپرسیارێیت لە بەرامبەر ڕەفتاریکەسا دەکات مەدەنیشدا بەە زێینژیا.

یەکێک لە خاڵە هەرە بەهێزەکانی خزمەتی سەربازی لە فینالنددا ئەوەیە کە هەموو کەسێک لە هەمان ئاستدا و لە هەمان خاڵەوە دەست بە خزمەت دەکات. ڕەگەز، پاشخان، ڕەنگی پێست یان هەر تایبەتمەندییەکی تری کەسی دیاری ناکات کا چۆن ڕەفتارت لەگەڵدا دەکرێت.پاڵنەری کەسی بۆ ئەرکە جیاوازەکان باشترە دیار بێت، بەڵام هەڵبژاردنی کۆتایی ئەرکەکان لەسەر بنەمای پێویستییەکانی هێزەکانی بەرگری و هەڵسەنگاندنی شایستەیی دەکرێن.

بەپێی توێژینەوەکان، خزمەتی سەربازی دەتوانێت پشتیوانی لە تێکەڵبوون و گونجان لە کۆمەڵگەی فینالندیدا بکات. هەستی هاوبەش بەهێز دەکات، ڕێگری لە پەراوێزخستن دەکات و دەرفەتی دروستکردنی ئەو هاوڕێیەتییانە دەدات کە بۆ تەواوی ژیان دەمێننەوە.

Jyri Vilamo، یاوەر (لە هێزی یەدەگ)
سەرۆکی ئەنجومەن
Suomen Reserviupseeriliitto
www.mvmry.fi toimisto@mvmry.fi

فەرهەنگی ئاسایش

KOKONAISTURVALLISUUS
ئاسایشی گشتی

ڕێبازی فینالند بۆ چاودێریکردن و پاراستنی ئاسایشی کۆمەڵگە بە هاوکاری. دەسەڵاتداران، کۆمپانیاکان، ڕێکخراوەکان و هاوڵاتیان ئەرک و کارەکانی کۆمەڵگە لە هەموو دۆخێکدا دەپارێزن

HUOLTOVARMUUS
دابینکردنی پێویستییە بنەڕەتییەکان

توانای مسۆگەرکردنی ئەوەی کە بەرهەم، خزمەتگوزاری و سیستەمە پێویستەکان بۆ مرۆڤەکان و کۆمەڵگە لە کاتی قەیرانە سەختەکان و دۆخە تایبەتەکانیشدا کاربکەن؛ بۆ نموونە خواردن دەرمان/ئەنەرجی، گواستنەوە و چاودێری تەندروستی

KRIISINKESTÄVYYS (RESILIENSSI)
خۆڕاگری قەیران (قەیرانڕاگری)

توانای تاک، کۆمەڵگە یان دەوڵەت کە لە دۆخە سەختەکاندا توانای جووڵەی خۆی بپارێزێت، ڕووبەڕووی ئاستەنگەکان ببێتەوە و پاشان بگەڕێتەوە بۆ دۆخی ئاسایی و سەرپێ بوەستێتەوە

YHTEISKUNNAN ELINTÄRKEÄT TOIMINNOT
کارە حەیاتییەکانی کۆمەڵگە

ئەو کار و بەرپرسیارێتییانەی کە دەبێت لە هەموو دۆخێکدا بەردەوام بن تا کۆمەڵگە بتوانێت لەسەر پێ بێت؛ لەوانە بەرێوەبردن، توانای خۆڕاگری، ئاسایشی ناوخۆ، دابینکردنی پێویستییە بنەڕەتییەکان، خزمەتگوزارییە گشتییەکان و خۆڕاگری دەروونی

KYBERTURVALLISUUS
ئاسایشی سایبەری

.ئەو هەنگاوانەن کە بۆ پاراستنی سیستەمە دیجیتالییەکان، زانیاری و بەکارهێنەران لە بەرامبەر جگە لە تەکنەلۆجیا، مرۆڤ و ڕێبازەکانی کاریش مەترسییە سایبەرییەکاندا دەنرێن ئاسایشی سایبەری دەگرێتەوە

INFORMAATIOVAIKUTTAMINEN
کاریگەری زانیاری زیانبەخش

چاالکی زیانبەخش کە لە ڕێگەی زانیارییەوە هەوڵدەدات کاریگەری لەسەر تێگەیشتن، بڕیاردان یان ڕەفتاری مرۆڤەکان ببات. لەمەدا زانیاری هەڵە، خەڵەتێنەر یان زانیاری ڕاست بە مەبەستی خراپ دەکرێت بەکاربهێنرێن

JATKUVUUDENHALLINTA
بەرێوەبردنی بەردەوامی (بەردەوامییێدان)

ڕێبازی ڕێکخراوێکە بۆ ئامادەکاری لە بەرامبەر ئاستەنگەکاندا بە شێوازێک کە بتوانێت کارە گرنگەکان لە دۆخە سەختەکانیشدا بەردەوام بکات و پاشان بیهێنێتەوە دۆخی ئاسایی

TURVALLISUUSYMPÄRISTÖ
ژینگەی ئاسایش

ئەو مەرج و بارودۆخ، ڕووداو، گۆڕانکاری و مەترسییانەی کاریگەری لەسەر ئاسایشی فینالند، کۆمەڵگە یان مرۆڤەکان دەکەن؛ بۆ نموونە دۆخی نێودەوڵەتی، تەکنەلۆجیا، ئابووری، ژینگە و قەیرانە جیاوازەکان کاریگەرییان لەسەر هەیە

KOKONAISMAANPUOLUSTUS
بەرگری تەواوی نیشتمانی

تەواوی هەنگاوە سەربازی و مەدەنییانەی کە بۆ پاراستنی سەربەخۆیی فینالند، ئاسایشی هاوڵاتیان و بەردەوامی کاروبارەکانی کۆمەڵگە لە بەرامبەر مەترسییە جیاوازەکاندا دەنرێن

YHTEISTOIMINTA
کاری هاوبەش / هاوکاری

چاالکی هاوبەش کە تێیدا الیەنە جیاوازەکان زانیاری و سەرچاوەکانیان بەش دەکەن و بۆ گەیشتن بە هەمان ئامانج پێکەوە کاردەکەن. ئاسایشی گشتی ڕاستەوخۆ لەسەر بنەمای ئەم کارە هاوبەشە دروست دەبێت

ئاسایش مافی هەمووانە لەگەڵمان بن!

وەک ئەندامێک نەک تەنها چالاکییەکان بەدوادا دەگەڕێیت، بەڵکو دەگەیتە ئەوەی فێربوون و بەشداریکردن و بنیاتنانی فینلاندێکی سەلامەتتر لەگەڵ کەسانی دیکەدا

داواکاری ئەندامێتی پڕبکەرەوە بە سکانکردنی QR کۆدی

زانیاری زیاتر:
toimisto@mvmry.fi

www.mvmry.fi

گۆڤاری کانتاما بە پاڵپشتی دامەزراوەی پشتیوانی هێزەکانی بەرگری فینلاند و دامەزراوەی سەندیکاکانی هێزەکانی بەرگری فینلاند جێبەجێ دەکرێت.

Maanpuolustuksen kannatussäätiö